**الاتحاد العام اللاجئين العراقيين في بريطانيا**

**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES-UK**

---

# گرتن وگیرانەوەی پەنابەرانی عیراقی سیاسەتێکی نائینسانی یە و دەبێ بەری پێ پگیرێت !

وەزارەتی ناخۆی بەریتانیا لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا دەیان پەنابەری کوردی عیراقی لەکاتی چوون بۆ ئیمزا کردندا دەستگیر و زیندان کردوەو لە گرتووخانەی دەست بەسەر ڕای گرتوون و بریارە بەپێچەوانەی خواستی خۆیان ڕەوانەی کوردستانیان بکەنەوە. ئەم سیاسەتە بەهاتنە مەیدانی پەنابەران خۆیان و پشتیوانی خەڵکی ئازادی خوازی بەریتانیا دەتوانرێ پوچەڵ بکرێتەوە و دەبێ شەقامەکان بەدەستەوە بگرین.

لەکاتیکدا عیراق و کوردستان بۆتە سەنتەری چالاکبوونەوەی تیرۆریستان و هەڵسوڕانی چەندین دەستەوتاقمی قەومی وئیسلامی سیاسی ، کەمترین ئاستیان لەئەمنیەت و ئاسایش و ژیانی ڕۆتینی لەبەردەم خەلکی عیراقدا نەهیشتەوە جگە لە نەمانی ئەمنیت و ئاسایشی خەڵك ، نەمانی پێداویستی کانی ژیان ، لە ئاوکارەباو دەیان پیداویستی تر وەلامی داخوازیەکانی خەڵك بەتەقەکردن و کوشتن وەلام دەدەنەوە ،لەمانەش زیاتر ( دەسەلات و دارشتنی دەستور ) خەریکن دەدەن بەدواکەوتووترین هیز ولایەنی ئیسلامی و قەومی عەشیرەتی کە هیچ یان لێ ڕەچاو ناکرێ جگەلە کۆنەپەرستی و مەترسی هەلگیرساندنی شەڕی ناوخۆو بێ ماف و بێ حقوقی ژنان و مندالان و هەژاری و ژیر پێ نانی مافە ئازادی فەردی و مەدەنی و کومەلایەتی یەکان خەڵکی عیراق ، هیچ مافیکی ئازادی و سکولاریزم وژیانێکی باشتر نەك هەر لەدەستوریاندا نی یە ، بەڵکو دژیەتی لەگەل سەرەتاترین مافە مەدەنی یەکانی خەڵکی عیراق دەکەن. دەولەتی بەریتانیا وەك لایەنیکی راستەوخۆی شەرو داگیر کاری لەعیراقدا خۆیان سەرچاوەی نائەمنی و ئاسایشی عیراقن ، خۆیان بەناوی هینانی دیمکراسی یەوە نۆینەری سەرۆك عەشیرەتوو ئەحزابی قەومی و دەستەو تاقمی ئیسلامی یەکانیان کۆکردۆتەوە ، شەپۆلی رووکردنە هاندەران لایەنیکی بەر هەم و ئاکامی راستەخۆی سیاسەتێکە کە دەولەتی بەریتانیا لەعیراقدا بەرێوەی دەبات و لەسەریتی مافی پەنابەری بۆ تەواوی پەنابەرانی عیراقی بەرەسمی بناسیت . بەرگرتن بەسیاسەتی راسیستی دەولەتی بەریتانیا بە رێکخراوەی و خۆرێکخستن و کۆبوونەوە لەدەوری فدراسیۆن و خەباتێکی شارستانیانەوە یەکگرتوو دەتوانی بەر بەم هەلْ مەرجە نالەبارو نا ئیسنانیانە بگریت، دیپۆرت کردەنەوەی پەنابەران شەرعییەت دانە بەسیاسەتی ئینسان کوژی وحکومەتە نارشەرعی و دەسەکەلاکەیان لەعیراقدا .

## پەنابەران، ئازادی خوازان

باوردۆخیکی زۆر ترساناك بەرۆکی پێ گرتووین و بێ دەنگی و چاوەرانی کردن ئاکامیکی مەترسیداری دەبیت و پێویستە لەبەرامبەر بەم وەزعەدا رابووەستینەوەو دەنگ هەڵبرین . بۆیە دەبیت پێکەوە ریگا نەدەین بەدیپۆرت کردنەوەی پەنابەران، فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە بەریتانیا کەمپینێکی فراوانی لە دەستوورکاری خۆیدا داناوە کە بەشێوازی جۆراوجۆر دێتە مەیدان و پێ لەسەر ماف و داواکاریەکانی پەنابەرانی کوردو عیراقی دادەگرێت. هەر لە زنجیرەی خۆپشاندان و کۆبوونەوەو ئیمزاکۆکردنەوەو ڕاکیشانی پشتیوانی بۆ ئەم مەبەستە راگەیاندوە پشتیوانی لێ بکەن، بەهیزی بکەن ، ئامانجی ئەم کەمپینە داواکاری دەست بەجی ئازاد کردنی پەنابەرانی عیراقی لە گرتووخانەکان و بەرەسمیت ناسینی مافی پەنابەری بۆ بەنابەرانی کوردو عیراقی و جیگەی خۆیەتی کە هەر ئینسانیکی شەریف و ئازادیخواز پێوەی پەیوەست بیت. دەولەتی بەریتانیا ئەمجارە دەیەوێت بەفشاری وەلامی رەفزو لێ سەندنەوەی خزمەت گوزاری خانووبەرو حقووقی پەنابەران و گرتن لە کاتی ئیمزاکردن لەپۆلیس، پەنابەران ناچار بکات بە ملدان بەگیرانەوەی بەناو ئارەزوومەندانەوەو هەڵبژاردنی گەرانەوە بۆ کۆمەڵگایەك کە هیچ دەسەلات و ئەمنیتێکی تیا بەدی ناکریت .

پەنابەرانی کوردو عیراقی لە هەموو کات زیاتر پێویستیان بەپشتیوانی هیزی پێشکەوتوخواز و ئینسانی بەریتانیا هەیە بۆ بەرگرتن بەسیاسەتی راسیستی و دژی ئینسانی دەولەتی بەریتانیا لەگەلماندا لەم کەمپینە بەشداری بکەن و دەنگتان بخەنە پال دەنگمان .

**فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە بەریتانیا**

2005-8-18

---

بۆ زیار زانیاری لەسەر ئەم کەمپینە بە دەشتی جەمال بەژمارەی (**07734704742**) یان بە سامان سەردەم بە ژمارەی(**07799507141**) یان بە سەعدی حەسەن بەژمارەی(**07883735897**) لەلەندەن،وە لەمانچستەر بە بورهان فەتاح بەژمارەی(**07866757213**) ،لەنوتین هام بە جاسم غفور بەژمارەی (**07739338178**) لەشاری ستۆك ئۆن ترینت بە حمە داود بەژمارەی (**07742394746**) پەیوەندی بگرن.